# من خەون دامئەگیرسێنیٚ

شیعر

تایبەت پێشکەشە بە:

ڕۆحە پەشمەکییەکەی ″حاجی ئاسکۆڵ″ی دایکم و ″ئەکرەمی عەلی نەجاڕ″ی برام، کە مخابن نەمتوانی گوڵی دواهەناسەی هیچیان بۆن بکەم.

# من خەون دامئەگیرسێنێ

شیعر

بەرزان هەستیار

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەرزان هەستیار
من خەون دامئەگیرسێنیٚ - شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٣٣
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٤٥ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژپنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-488-04-8

# که ئەچمەوە بەقەد خەمێکی نوێ ئەبم،
# هێندەی شادییەکی دێرین

مایس و حوزەیرانی ٢٠١٠

کۆڵن

وەك شێتێکی پەراگەندە، ڕێم ئەکەوێتەوە نیشتمان

بەر لەهەر شتێك،

بە ئەسپایی، تەقەیەك،

که هەر تەنها گوێیەکانی بێدەنگیی بیبیستن

لە دەرگای مەرقەدێك هەڵئەسێنم

(مەدەد، ″ پیرمەنسوور″ سەحابەی کیبار)،
ئەزانم، ئەوەندە بەفری خەمساردی لە ڕۆحتا کڕێوەی نەکردووە
ڕەنگ و ڕووی ئەم کوڕە چنگ و پەل خۆڵاوییەت
لە زاکیرەتا تەم لێی نیشتبێت،
بڕوا ناکەم باخی شووشەبەندی سنگیشت،
خونچەدڵێکی وای تیا شین بووبێت
بە نەرمە بای لە دەرگادانی ئەمشەوم نەکرێتەوە
مەدەد ″پیرمەنسوور″، بە ڕۆحێکی شکاوەوە،
شکاوتر لە دڵە کریستاڵییەکەی ″سلێمانی″
وەك منداڵی، چەتوون ئەبمەوە و
هێندە درەختی حەوشەکەت ئەتەکێنم
سەراپا گەڕەك، پەمەیی بچێتەوە لە ئەرخەواندا
تەمەنم، سەرتاسەر ئاڵ داگەڕێ لە عەجوولییدا

بەیانییش، بەر لەوەی ژنانی ڕەشپۆش و
کچانی بەخت گرێدراو، بێن بۆ نزا
من ڕووخسەت ئەخوازم و
بە دوو گیرفانی سەرڕێژ لە ئەرخەوان و
دوو دەستی پڕ بۆنی بخووردەوە خۆم ئەکەمەوە بە ماڵدا
یەکەم جارمە لە دەرگای حەوشەوە
بە نەغمەیەکی بزێوانەوە بانگی دایکم نەکەم
یەکەم جارمە بۆ نەعلەکانی نەگەڕێم
چەندە سەختە کە لە سەفەرێك دێیتەوە
چاوەڕێ نەبیت
دایکت بە نەرمە ڕەوتێکەوە دەرکەوێت و
بتخاتە بەر پرژە پرژی زەردەخەنەیەکی خۆی

***

لەم سەفەرە بێ وادە و
سەردانە پڕ ڕەنگەمدا
خەون بەو ساتەوە نابینم، منی مێروولە
دەنکێك گوڵەبەڕۆژە، گەورەتر لە خۆم،
قورستر لە کێشم، ڕاکێشمە ناو ماڵەکەم و
بۆ زستانێ،
بۆ زەمەنی قات وقڕی و گرانی،
بە دزیی دراوسێ برسییەکانمەوە
لە کەلەگییەکەی پشتەوە هەڵی بگرم؛
حەوسەڵەی ئەوەشم نییە خەون بەو نیوەڕۆیانەوە ببینم
سیلەی کۆڵانم لە کچێك ئەگرت و
ئارەقە و عیشقم پێکەوە لێ ئەچۆڕا،

ئەچمەوە بەر خۆرەتاوی خەیاڵی دایکم و
خۆم فێنك فێنك ئەکەمەوە بە پێکەنینە ماندووەکەی،
ئەچمە ژێر نسێی خەمە چاوکزەکانی "عەلی نەجار"ی باوکمەوە و
خۆم گەرم گەرم دادێنم بە شەماڵی نوکتە جێماوەکانی و
نیگەرانییەکانی بۆ خۆم ڕاڤە ئەکەمەوە.
نیگەرانیی بیستنی دەستڕێژێکی لە ناکاو و
دەنگی سەیارەی ئیسعاف و
هاتنەوەی درەنگانی ئێوارانی کوڕەکانی،
نیگەرانیی کشانی ئەستێرەیەکی شەوانی هاوین و
خوێندنی ناوەختی کەڵەشێرێك،
ئەچمەوە خۆم بدەمەوە دەست لرفەو شەپۆلی زەریای نیگەرانییەوە
ئەو هەموو باوکە سەیر و جوانانەی،

گرمەی هەوری دڵەڕاوکێ و خورپەی هەواڵی باڵشکێن
خوێنی ئەبردن بە ئاسماندا
نەك گوللە
بیری ئەو هەموو پێکەنینە، دوو باڵی زیوینم پێ ئەبەخشن
کە لەگەڵ گریاندا یەك دیواری باریکیان بەین بوو،
ئەو گۆرانییانەی لەگەڵ زێماردا
بە هەردووکیان چەترێکی شکاو جێی سەری کردبوونەوە و
یەك کەمان ئەیژەنین،
ئەو عیشقانەی لە ماڵی فیراقدا
هۆدەیەکی نسرمیان گرتبوو بە کرێ و
لەگەڵ خەزاندا لە ژێر یەك لێفەدا ئەخەوتن و
ڕەوەیەك عاشقی بێ ڤالانتاینیان ئەخستەوە،

چیرۆکی ئەو قارەمانانە ئەخوێنمەوە
کە یادەوەرییان هێندە تاڵان کراوە
بە قەدەر شایەتمانێکی ماوەتەوە بۆ خۆیان
بە دەم کێشانی بۆندارترین جگەرەوە،
لەگەڵ ئەو هەرزەکارانەدا ئەچمە پیاسەی ئێواران،
کە شەوانە، بە یادی مەعشووقەکانیانەوە
سەوز ئەچنەوە لە هەرێزی شیعردا و
بە ڕۆژیش هەڵوەدای بیبینەوەی بستێك سێبەرن.
نێرگزی برینی یەکتری تیا بۆن کەن و نایدۆزنەوە.
ئەم سەفەرە ئەمباتەوە بەر مەرقەدی کۆنترین مەینەت و
سەر بانیژەی تازەترین کۆست.
لەوە ئەچێ بۆ ئەم سەفەرە شتێك پەلکێشی کردبم

لە سیفەتی ئاو،

لەماڵباتی خۆڵ،

دەنا وا ڕەنگم نەئەپەڕی و

بۆنی ئاوڕشێنی دەمە و عەسری هاوینانم لێ نەئەهات.

گەلۆ، داخوا بەم جووتە پێڵاوە شڕەی عومرەوە

تا کوێی کەژی ڕووتەڵەی خاکەساری بڕ کەم،

لێوم بگاتەوە ئاونگی سەر کام پەلکەگیا، بۆ تەڕبوونەوە؟

گەلۆ، ئاخۆ دواهەمین ئالآم، لە بان کام تەپۆڵکەدا هەڵکەم.

ئالآیەك لە پەشمەك.

ئالآی تەسلیمبوونم بە چەتە سەرگەردانەکەی ژیان،
یان لە کوێدا،
وەك غەریبترین ئینسانی سەر ئەم ئەستێرە خوێناوییە،
بێ جوولە ڕاکشێم، گەلۆ؟

# دووکەرتبوون

ئابی ٢٠٠٩
کۆڵن

لە خوداوەند دڵڕەقترم بۆ سزا،
لە خوداوەند میهرەبانترم بۆ بەخشین

***

لە " قابیل" دڕندەترم بۆ تاوان
لە "قابیل" بێ براترم بۆ پرسە

***

لە ئاسمان چاو قایمترم بۆ بروسکە
لە ئاسمان دڵسافترم بۆ ساماڵ

***

لە ژیان ناشرینترم بۆ ئازار،
لە ژیان ڕازاوەترم بۆ ئەوین

***

لە مردن بە پەلەترم  بۆ زێمار
لە مردن هێمنترم بۆ ئارامی

***

لە بیابان تینووترم بۆ بارانێك
لە بیابان بێ منەتترم بۆ هەتاو

***

لە منداڵ دڵناسکترم بۆ گریان
لە منداڵ سادەترم بۆ پێکەنین

***

لە ڕووبار بەخووڕترم  بۆ ڕژان
لە ڕووبار هێورترم بۆ پشوو

***

لە خەیاڵ بێ سنوورترم بۆ فڕین
لە خەیاڵ ئاسانترم بۆ دەستەمۆ بوون

***

لە پایز بێ دەسەڵاتترم  بۆ وەریین
لە پایز ئاڵتوونیترم بۆ درەوشانەوە

***

لە بەرد ڕەقترم  بۆ وردبوون
لە بەرد بێ جووڵەترم بۆ هەنگاو

***

لە سەربازی هەڵاتوو ترسنۆکترم بۆ جەنگ
لە سەربازی هەڵاتوو قایمتر، داوێنی ژیانم گرتووە

* زێمار: ئەو شیوەنەیە، کە بۆ مردوو ئەکرێت.

## نیشتیمانێك، مات وەكو خۆم

كانوونی دووەمی ٢٠٠٩
كۆڵن

بیركردنەوە لە نیشتمان
چزووی ئەو دووپشكە بێ ئومێدەیە
لە ناو كلیلەی ئاگردا
لە سەری خۆی ئەچەقێنێت،
بیركردنەوە لە نیشتمان
پەنجە خستنە ناو قژی شۆخەژنێكەوە
لەبەر تریفەی مانگەشەوێكی هاویندا،
بیر كردنەوە لە نیشتمان
ژەهرێكە لە ماچی یار شیرینتر و
كڵۆ شەكرێكە لە فیراق تاڵتر

من وەك منداڵێك،

چۆن بیر لە هاتنی یەكەم ڕۆژی جەژن ئەكاتەوە

بیر لە نیشتمان ئەكەمەوە

بیر لەو شەڕانەش ئەكەمەوە بە یەكمان فرۆشت،

ئەو "داو"انەی بە ناوی عیشقەوە

لەسەر بەفری " ڕیا " بۆ یەكمان دانا

ئەو بوختانانەی بە بیانووی ناپاكییەوە بۆ یەكمان كرد

ئەو "مین "انەی لە لاڕێدا بۆ یەكتریمان چاند

"مین"ی عیشق و خیانەت و

گومڕابوون و

" مین "ی هەموو شتێك، هەموو

***

لەوە تێ ئەگەم نووستن ، مردنێکە کاتی،
بەڵام بیرکردنەوە لە نیشتمان، زیندەگانییەکە هەمیشەیی و
مردنێکە، نا کۆتا
نیشتمان، بە دڵێکی پاك و
بە هەموو تەنەکە خۆڵە ژەنگاوییەکانیەوە
پیاسەی کەناری ″ ڕاین ″ م لەگەڵدا دەکات و
بە ڕیزێك ″مەنهۆڵ ″ی شکاوەوە
لەگەڵما خۆی ئەکات بە کڵیسا زەبەلاحەکەی ″دۆم ″دا و
بە شەقامە پڕ تاسە و چاڵەکانیەوە
قۆڵ ئەکات بە قۆڵما و
بە سوپەر مارکێتەکاندا فڕکەمان دێت
بە ڕانك و چۆغەیەکی شڕەوە
پێش من خۆی ئەکات بە بارێکی قەرەباڵغدا و

بەو نیوە زمانییەی خۆیەوە
داوای دوو " بیرە " بۆ هەردووکمان ئەکات
چەند جوانە نیشتیمان،
بێ ئەوەی ئارایشت بکات،
لەگەڵما دێتە ئاهەنگ و
سەما ئەکات و گۆرانیش ئەڵێت،
لە ناکەسبەچەییی کوڕەکانی نەبێت،
شەرم لە سادەییی خۆی و
لە بێکەسیی خۆی و
لە نابووتیی خۆی ناکات.
لەوەتەی هەیە نیشتیمان،
وەکو دایکم
هەر خەریکی منداڵ بوون و

گسکدان و
قاپ شۆرین و
جل شتن و
میوان بەڕێ کردنە،
وەك نەنکیشم
دەستەکانی ئەلەرزن و
چاوانی کز،
لە ناوەندی شەقامێکی قەرەباڵغدا
هۆڕنی ماشێنەکان کاسی دەکەن و
کەس نییە بیگەیەنێتە سەر شۆستەکە

***

نیشتیمانە بێ دەرگاکەم،
نیشتیمانە بەرەڵلاکەم،
نیشتیمانە فریشتەکەم،
نیشتیمانە نورانییەکەم،
هەموو ڕۆژێك ئەیبەنە بەر دەروازەکەی بەهەشت و
ناشهێڵن بچێتە ژووریّ،
ڕۆژ نییە نەیگەیەننە بەر قاپیی دۆزەخ و
سووتانی خۆی پیشان نەدەن
نیشتیمانە وەحشییەکەم، ئەلف و بێ جیا ناکاتەوە و
ئەدریّسی خۆی لەبەر نییە،
هەموو ڕۆژێك لە کۆڵانەکەی خۆشماندا ون ئەبێت و
ئەبێت دراوسێ خوێرییەکان بیهێننەوە

## حیکمەتەکانی شەوێك

ئابی ٢٠٠٩
کۆڵن

خەنجەر، ئەگەر شەرمی لە خوێن بکردایە
لە کالاندا، ئەبوو ژەنگ بیخوات

***

شەو، لە ڕووخۆشیی ڕۆژ و
ڕۆژ، لە ویقاری شەو بگەیشتایە،
هەردووکیان لە ژێر باڵی یەکدا ئەخەوتن

***

خوداوەند سەری لە کبریائی شەیتان دەربکردایە
نەیدەڕەنجاند

***

گەر، وەك ئەو كچانەی لە بیریان كردم، خۆم بناسیایە
نە لێیان زویر ئەبووم و
نە گازندەم لێ ئەكردن

***

مردن بیزانیایە لە ئاستیدا هێندە قرچۆكم
بێزی نە دەهات، توخنم كەوێت

***

سەگ، بۆنی بكردایە
لەگەڵ ئینساندا هەڵی نەئەكرد

***

دایكم مرد و من لای نەبووم
بە ئیزرائیل بڵێم، هێواش

ئەم مەخلووقە لە جنسی پەشمەکە، پەشمەك
وازی لێ بێنە خۆی دەبێتەوە بە شەکر

***

سەرم لە شتێك دەرناچێت
بۆچی کە مەست دەبم
خەو بە خوداوەندەوە دەبینم؟

***

هەموو ڕۆژێك،
پیاوەتیم، شەرمەزاری لای ژنێکم دەکات،
ژنێك، تامی ماچی نەکردبێت و
لە ڕووتبوونەوە بترسێت

***

زەوی، بەو پان و پۆڕیەوە
کلووە بەفرێك بە مەرەکەبی سپی لێی دەنووسێت و
نـاتوانێت پێی بڵێت  وا مەکە

***

شەڕ، بگاتە سەر خانووەکانی منداڵیشمان
سێبەری دڵێك ئەدۆزمەوە
چاوەڕێی خورپەیەکی خۆشی تیا بکەم

***

لە من ئەچێت،
ئاو، لە بێ ڕەنگییدا

لەو ئەچم
ئاو، لە بێ تامیدا

***

سوور بشزانیت نایەت،
چاوەڕێی یار بکە، زەرەر ناکەیت

***

مادام فێری چاویلکە بووم
ئەبێت وردتر لەو بڕوانم

***

خۆر، سپێدان خۆی بە ئاگا دێت
سوپاسی بێداریی کەس ناکات

***

کە مردم، قاتەکەم بکەنە بەری داهۆڵێك

# شەوێکە شەبەنگ، شەوێکە دەیجوور

حوزەیرانی ٢٠٠٩
کۆڵن

شەوێکە، ڕۆشنایی تیا سوڵتانە
ئەو شەوەی ژنێکی تەنیا
پیاوێك بە هەموو وجوودیەوە ئەدزێت و
لە پێخەفەکەیدا، دایئەماڵێت لە غروور

***

شەوێکە، لە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕووناکتر
کە پیاوێك وەك منداڵ.
بێ ئەوەی شەرم لە ڕۆندکی خۆی بکات
لە دامێن کێوی غرووری ژنێکدا،

لە پڕمەی گریاندا ون دەبێت و

دەبێتە تۆزی بەر ڕەشەبا

***

شەوێکە، کەژەکان مناڵ دەبنەوە،

کە عیشقێك، یەکەم ماچ ، بە قەیرە کچێك و

پیاوێکی شەرمن و ترسنۆك دەبەخشێت

***

شەوێکە، منداڵان بۆ یاری دەڕژێنە کۆڵان،

ئەو شەوەی ئافرەتێك بە ڕووتی

گلێنەی شارێکی کوت و کوێر ئەکاتە چراخان

***

شەوێکە، خوداوەند چاوی لە ئاستی

ئەو ماچە حەرامەش دادەخات

که ژنێك دەیداتە پیاوێکی بە عیشق نوورانی
ئەو شەوەی، کە بە تۆ دەڵێم " نا " و لاڵ دەبم

***

شەوێکە، لە نێوان ئیمان و کفردا
چ هێڵێك نامێنێت،
ئەو شەوەی، ناپەرژێم وەڵامی
سڵاوی ژنێکی گوناهکار بدەمەوە

***

شەوێکە، کە بەفر دادەکات
چیاکان ڕەش ئەبن
ئەو شەوەی، پەیامێك ناگاتە شوێنی خۆی
بە ماتەم نووسرابێت

***

شەوێکە، نە، مانگ فریای داگیرسان دەکەوێت و
نە، شیعر جووڵەیەك لە گیانیدا دەمێنێت،
ئەو شەوەی، ژنێکی گرمۆڵەی
ژێر کەپری بێ سایەی ″ ڕابوردوو ″ ی،
دیوانێك موتالاّ دەکات و
چراوگی دیرێك نادۆزێتەوە،
هەتاکو بەیانی.
بەرامبەر حوزنی خۆی هەڵی کات

***

شەوێکە، وەك زەرفی دڕاو و
کاغەزی توورڕدراو
بارەشێك فرسەتم لێ دێنێت و
ئەمبات بە ئاسماندا
ئەو شەوەی، تۆ دیار نیت،
ئەو شەوەی، تۆ لێرە و
منی ڕەوەندیش،
کەس شوێن و دیارم نازانێت

# یانزە فڕین بە باڵێك

١

ئۆكتۆبەری ٢٠٠٩
كۆڵن

لەسەر سیلەی كۆڵانەكە
تا بڕستم لێ ئەبڕێ چاوەڕێی ئەكەم
كە هاتیش، هیچ ناڵێم،
چەند خۆشە ئەو هیچ نەوتنە
سبەینێش وا ئەكەم،
بۆ ئەوەی تا مردن
خاڵی نەبمەوە لە قسە

٢

چاوەڕێ ئەكەم ڕۆژ بێتەوە،
چاوەڕێ ئەكەم شەو دابێت،

ڕۆژ، بۆ ئەوەی چاوەڕێی شەوی تیا بکەم
شەو، بۆ ئەوەی، دیسان چاوەڕێی بم بەرچاوم ڕووناك بێتەوە

٣

کە بەفر ئەمکاتە داهۆڵێکی سپی،
چاوەڕێی ڕەشبوونەوە ئەکەم،
کە هەتاویش ڕووتم ئەکاتەوە وەك منداڵ،
چاوەڕێم پرووشە بێتەوە دیدەنیم

٤

بەفر، ڕەش ڕەشە
ئەوەی بە سپی ئەیبینێت
بۆ ئەوەیە ڕووخساری خۆی بیرنەکەوێتەوە

٥

چەند جوانە کە ون بوویت
شارە و شار، ئاسمانە و ئاسمان
عیشق سۆراخت بکات

چەند خۆشبەختییە کە نووستیت
دەنگی باڵی کەنارییەك
یان بارینی تکە ئاونگێك بە ئاگات بێنێت،
لە مێژە ئەو شتانەمان بیرچووەتەوە

٦

وا ئەکەم کوڕانی هەرزەکار ڕقیان لێم بێتەوە
چاو لە دەنکەکانیان دائەگرم،
بۆ ئەوەی وردتر عیشق بکەن،
غیرە ناو جەرگیان بخوات

٧

بەلای مەیدانی بێ ئیشەکاندا ئەڕۆم و
توانجێك ئەگرمە عیشق،
ئەوەی لەسەری هاتە دەنگ،
جوانمەردە و
لەگەڵ خۆم ئەیبەمە سەر کاری

٨

بە پرتاو خۆم ئەکەم بە یەکێك لە دەروازەکانی بەهەشتا
ببوورن بۆ ئەودیو هاتووم
بە پەلە دەرگایەکی دۆزەخ ئەترازێنم
ببوورن ڕێم لێ تێك چووە
زرم زرم، وتم ڕێم هەڵەکردووە، بیکەنەوە، ئاخر

٩

هەر بە یادی هەرزەکاری
شوێن کچێك کەوتووم و پێی ئەڵێم
ئەو نامەیەم لێ وەرگرە
ئەوە سەرەی دەیەم جارە ئەینووسم و
خۆشم سەری لێ دەرناکەم
بیخوێنەوە و هەرچییەکی لێ تێگەشتی
لە پشتی کاغەزەکەوە بۆم باس بکە

١٠

ئێمە هەموومان لە ترسی شکان
دڵمان لە ژێر قەفەزەی سنگماندا حەشارداوە

١١

ئەچم ئەخەوم،
خۆم ئەزانم، یان خەون بە غەریبییەوە ئەبینم
چنگ لەسەر شان دوام ئەکەوێت،
یان خەون بە تەنیاییەوە،
مەنزڵ، مەنزڵ دوای ئەکەوم

# دوور لە گڵگۆکەی دایکمەوە، خەیاڵات

مایسی ٢٠٠٩
کۆڵن

ئەو سپێدە ڕەنگ پەڕیوەی،
دایکم وەك پیرەدارێکی میهرەبان
بەسەر مەینەتییەکانی خۆیدا بەربووەوە،
ئەوەم لە خۆر ڕائەبینی
سبەینێ نەچێتە سەر کار،
یان هیچ نەبێت قردێلەیەکی ڕەش
بدات لە یەخەی چاکەتە ڕەنگ زیوییەکەی،

که مەستیش هێندەی چنگێکم ئەهێڵێتەوە،
وا ئەزانم، شەقامیش خۆی لوول ئەکات،
کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵما ئەگەڕێت و
گۆرانیییەکی کزەڵە و پەشۆکاو ئەچڕێت
ئاسمانیش خزمایەتیی نمە و ڕەهێڵە ناکات و
ڕێگەی بروسکەش نادات ببێتەوە بە دراوسێی
ئەفسووس، شتاقیان نابینم و
هەموو خەیاڵە تەڕەکانم
سترانێکی، لێو شەقار، شەقارن
لە سارایەکی کاکی بە کاکیدا

***

لەوە بێ ئاگا نیم
هەتا قامی قیامەت، سەر بەرەو ژوور گالیسکەیەك داژۆم و
لە بانی سەرەوە، بەر لەخلبوونەوەی ئەو
تل ئەبمەوە دامێن
خوداوەند هیچی بۆ نەماوەتەوە،
گەڕی ئەو شیعرە پاڵتۆ زلانەم پێ ئەکات
ئەو پاڵتۆیانەی هەزار و یەك گیرفانیان هەیە،
هەزار و یەك شێتی قسە خۆش و
هەزار و یەك سەرخۆشی ڕۆح سووك و
هەزار و یەك قەیرە کچی شەلاڵ، بە ئاهی وشك و
هەزار و یەك بێوەژنی وشك، بە حەسرەتی تەڕ و
هەزار و یەك دڵۆپە فرمێسکی ترساویان ، تیا جێ بووەتەوە

خوداوەند هیچی دی شك نابات،
بە ساویلکەییی خۆم تاوانبارم ئەکات
لەو دڵسافییەم ئەپێچێتەوە
کە بڕوام بە بێ ئەقڵیی گوێدرێژ و
سپڵەییی پشیلە و
پیرۆزیی پەرەسێلکە نییە
من هەر وا بووم،
بە منداڵییش ئالوودەی ئەو گەمانە بووم
کە هاوڕێکانم بە پەرێزیاندا نە ئەچوون
بە هەرزەییش، بەو کچانەم ئەوت خۆشم ئەوێن
کە کوڕانی گەڕەك،
شەو نەبوو پێیانەوە شەیتانی نەبن
***

چەند جوانە هەمیشە لە ئاوازێك بخوێنیت
دراوسێکان تەقەی سەریان بێت،
لەسەر پەیژەی هەشتەمی مۆسیقاوە بژەنیت و
سێشەممان سەر بتاشیت و
چوارشەممان نەچیتە سەر" شەخس " و
ڕۆژی هەینی بچیتە قوتابخانە و
بە شەوان نینۆك بکەیت و
جەژنی "ڕەمەزان " چوار ڕۆژ و
" قوربان " یش بکەیتە سێ ڕۆژ
گەورەییە، لە حەوسەڵەی ئەو کرمە بچووکە ڕابمێنیت
بە کاوەخۆ، شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ خاك ئەکات،
لەو مراوییە ورد بیتەوە بە باڵی خوێناوییەوە

بێچووەکانی لە سێرەی ڕاوچی قوتار ئەکات و
لە بانیژەی ئەوانەوە،
کرانەوەی شکۆفە و
هەڵوەرینی پەڕە ژاکاوەکانی خۆت بخوێنیتەوە

***

ئەویٚ ڕۆژیٚ،
دایکم لەسەر چەرپای قاچ شکاوی سێبەرێکی خەست،
سێبەرێکی عەبووس،
سێبەری ″ مردن ″، لێی ڕاکشا و
کەچی بۆ بەیانیی
خۆر، وەك نەبای دیبێت نەبۆران
هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە لە خەو هەستا،

ڕووبار هەر سەربەرەو خوار هاژەی ئەهات و
باران بە ڕیتمی جارانی ئەباری،
ئیتر گومانم لەوە نەما،
ئێمە هەموومان ڕەنگێکی مردووین،
لە کەڤاڵێکی فەرامۆشکراودا،
ئێمە هەموومان سەرقاڵی ڕاونانی سێبەری خۆمانین،
لە نیوەڕۆیەکی گەرمی پڕ غەفڵەتدا؛
ئێمە هەموومان گەمەی شکاوی دەستی منداڵێکین
کە چیدی کەڵکی ئەوەمان نەماوە
خۆیمان پێوە خەریك بکات،
گەمەیەکی تووڕدراوین،
گەمەیەکی تۆز لێنیشتوو

# تەمێك لە ڕەنگی خۆم، خۆمێك لە ڕەنگی تەم

ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ٢٠١٠
کۆڵن

تۆ ئەبێ لێرە بی،
ئێرە، ئەبێ تۆی لێ بی.
بۆ ئەوەی لە ئاوەدانی بچێ

***

ئەوساتەی هەموو خۆمم نووسییەوە
شەوەزەنگ چراکانی خۆی،
لەسەر تاقەکانی ژوورەکەم پێ ئەکا و
ئیتر ئەزانم سپێدەی خۆکوشتنە

***

بۆنی خوێن لە بۆنی شەراب خۆشترە
بۆنی سەرەنوێلك لە عەتری یار خۆشترە،
كە دڵێ، شوێنێ شك نەبا
بە دەنگی بەرز تیا بگری

***

وەرە لام،
تۆ نالێم،
ئەو با بێ،
ئەوێك، كە بە دزییەوە نەبێ، ناوێرم گازی كەم

***

با، بڕوات،

تۆ ئەڵێم،

تۆیەك، بە ئاشكرا ئەتوانین ڕقمان لە یەك بێ

***

بە پێی پەتی

بەسەر وردە شووشەی ئەو ڕۆژگارانەدا ڕائەكەم

كە تێ ناگەم چۆن لە پشتمەوە هاڕەیان كرد،

كە ئاوڕیش ئەدەمەوە

خۆم ئەبینم،

یەك پارچە مەوج ئەدەمەوە لە خوێنا

***

دوو شت زراوم ئەبەن

ئەوەی، شیعر بە زۆریش نەیەتە ماڵم؛
ئەوەی، شیعر بە زۆریش ماڵم چۆڵ نەکا

***

کەسێك هەیە هەمیشە غیرەی لێ ئەکەم
کەسێکە،
سەخیفە ئەوەندە نازدارە،
بە ئەنقەست خۆشی ئەوێم
بۆ ئەوەی هەمیشە دوودڵ بم

***

پێش ئەوەی ماچم کات
هەموو گیرفانەکانی دڵم ئەپشکنێ

***

گومانی چیم لێ ئەکەی،
لە مەمکەکانی تۆ ڕووتترم

***

وا بیر ئەکەمەوە،
لە خودا بپارێمەوە، دۆزەخم پێ ببەخشێ،
بیکەمە باخی وەنەوشە؛
بزانم ئەهلی ئیمان چی ئەڵێن

***

بیری کەس نەکەم و
کەس بیرم نەکات
ئەمەیە کۆتایی شەڕە گەرمەکانی ژیان؛
ئەمەیە سەرەتای دۆڕانە ناشرینەکان

***

نێوانی دێرەکانم ئەگەڕێی
بۆ ئەدرێسی کۆنەخەمێکی خۆت
ئەی من کوێ؟

***

ئەچمەوە سەر سیلەی
یەکەم کۆڵانی منداڵییم
لە دایکم زیاتر، کەسێکی لێ نەماوە

***

لە دەرگا بدە و بڕۆ،
کە کردمەوە.
بە بۆنی جێپەنجەکانتا ئەتناسمەوە

***

کە پایز دێ، زەرد ئەچمەوە لە شەرمی.
کەوتنە خوارەوەی گەڵاکان،
فریای چەند پرسە بکەوم؟
دڵی چەند درەخت بەمەوە؟

***

خوێن، هەموو حیکایەتە ناخۆشەکانم بیردێنێتەوە
ئەو حیکایەتانەی دەرفەت نادەن
لە ڕەنگی سووردا،
بیر لە کەوتنە خوارەوەی کۆرپەیەك بکەمەوە

لە ڕەحمی دایکی

***

منداڵی،

شەقاو بە شەقاو شوێن پێم هەڵئەگرێ و

پیریش،

کونجێکم پێ ئەبەخشێ بۆ بیرەوەرییەکانم

لەم نێوانەدا

منداڵێکی بێ پا و

پیرێکی کەفتەکار ماوم

***

تەقە لە سێبەرەکەم ئەکەم و

زریکە لە خۆم هەڵئەستێ

***

بە شەو،

هەتا سەر لێواری گۆڕەکەم ئەڕۆم،

بە ڕۆژ،

ئەچمەوە باخچەی گشتی و

پەپوولەیەك دەستم ئەگرێ و

هەتا بەردەرگای ژیان ناوەستینەوە

***

کارەساتە، چاڵ بۆ خەیاڵەکانم هەڵکەنم،

بۆ ئەوەی ئەوان

نەمخەنە خەرەندێکەوە

***

لە دەمی بیرەکەوە،

بەسمە هێندەی ئاسمان ببینم

بڕوا ناکەم لەوە زیاتری سامال بێ

***

خۆڵەمێش، خوێنی مەییوی پشکۆکانە و

بە دیار "ئەو"یشەوە..
ئێسك و پروسكی ڕزیوی من

***

خۆشم ویست و
نەیئەزانی، کەی ئەبمە پاییز،
خۆشی ویستم و
ئاگام لێ نەبوو، کەی سەوز دائەگەڕی
کەواتە هەردووکمان، شێت و وێت

***

بەم تاریکییە،
گزنگ داگیری کردووم، گزنگ
بەم خۆرەتاوە،
تەم لە ڕووخسارم ئالآوە، تەم

# بەسەر نەرمەگیای عیشقا، ڕەوتێك

پایزی ٢٠١٠
کۆڵن

درەنگە،
ئەبوایە پێشتر بەشەڕ بێین
تا پرژەی ماچ،
زووتر وشکەساڵیی خوێنمان تەڕکاتەوە

***

دوا بکەوە، یان هەر مەیە،
گرنگ ئەوەیە، بە ڕوویێکی خۆشەوە
من هەر لێرەم

***

هەموو ئەو نەهاتنانەشت جوانن

کە ئەمکەنە داهۆڵێك لە چاوەڕوانیی
کێڵگەیەکی ڕەنگ پەڕیو و
بێدەنگییەکی پڕ سەدا

***

خۆت بشارەوە،
بۆ ئەوەی هەمیشە دڵی پرسیارێك
بەخوورپەوە لێ بدات
بۆ دیار نیت؟

***

چ پێویستم بەوەیە گوێم لە دەنگت بێت،
ڕەشەبای گومان،
لە ئەزەلەوە کاسی کردووم،
یەقینی عیشقت، لەمڕۆوە
کردوومی بە باخی هەنگوین

***

ژنێك بە مەستی گۆرانی بڵێت،

مردن، یەك سەدەی ڕەبەق خۆی دوا ئەخات
منێك بە مەستی گۆرانیی بڵێم،
یەك سەدەی تەواو، ژیان فەرامۆش ئەكەم

***

شاعیر،
كۆیلەیەكی چەند زەلیل و
چ عابیدێكی ملكەچی
ناو پەرستگاكانی عیشقە

***

ئەچمە مەملەكەتێ
هەرزاڵێ بۆ خەونەكانی عیشق چێ ئەكەم
هەر خۆم و ئەو بین،

ئیتر ڕەوە کوللەی غیرە،
نادات بەسەر دەغڵی دڵما

***

لە فرمێسکی ژنە عاشقەکاندا
شتێك ئەدرەوشێتەوە
لە یاقووت جوانتر،
شتێکیش ونە،
کەس نازانێت چییە، کەس

***

پیاوی عاشق، تاکە پیاوە

كە ئەگری، سەر ناكات بە ژێر لمی شەودا

***

لە كشانی ئەستێرەیەكدا

خوێنی ورشەیەك پەرش ئەبێت،

لە گریانی ژنێكی دڵتەنگ و تەنیادا

ئاسمانێك بەر ئەبێتەوە

***

هیچ شتێكیش نەمێنێت،

ئەو ئاسمانە زەبەلاحە ڕاگرێت

عیشق پەنجەتووتەی خۆی ئەخاتە ژێر

***

بەربوونەوەی دڵێك لە نهۆمی یەكەمی عیشقەوە

پرژەی خوێنی،

ئەیدات لە دوا نهۆمی داڕووخاوی تەمەن

# تەونی مردن

نۆڤێمبەر و دیسێمبەری ٢٠٠٩

ئەڵمانیا- كۆڵن

لەئەزەلەوە، خەبەرم لە شەڕی مردن هەبوایە
بە گەمەی ژیان قایل نە ئەبووم

***

بەر لەوەی دەنگم بگاتە ئەو بەر
ڕەنگە، مردن  قەرزەكەی خۆی داوا بكاتەوە،
دەیسا من چیم كرد؟

***

تەنیا شتێك كە مردنم بیر بەرێتەوە و
مەرگم چەند سەدەیەك دوا بخات، عیشقە

***

مردن لەمسەرەوە بێت،

من لەو سەرەوە بۆی دەرئەچم

مادام، ئەو، بێ وادە دێت

منیش  ئەوەندە خۆمی لێ ئەشارمەوە،

هەتاکو ئەژنۆی شل ئەبێت

***

یەکەم خاوەن ماڵم میوان دەر بکەم

گەر بۆم بکرێت دەرگاشی لێ ناکەمەوە،

مردن میوانێکی بێ ئەدەبە

***

هەمیشە بە درۆوە پێ ئەکەنم

بۆ ئەوەی مردن وا بزانێت منەتم پێی نییە و

وێڵم کات

***

سوپای مردن لە پێشم و

دەریای مردن لە دوامەوە،
بۆ ئاسمان هەڵئەکشێم،
ئەچم بە ناخی ئەرزا
تا کەمێك کات بکوژم

***

ئەوە، مردن شەرم ناکات
لەبەر چاوی منداڵان ئەمانڕفێنێت؟

***

دەستم بە پەلەکەی هەوریشەوە بێت
مردن لە کۆڵم نابێتەوە،
سەیریکەن چەند چاو برسییە

***

مردن، ڕاشمکێشێتە ڕاڕەوەکانی خۆیەوە
دان بەدۆڕاندنی خۆمدا نانێم

***

کە مردن دێت، من مەستم و

دراوسێکان لەدووم ئەنێرن
بانگ بەگوێی مناڵەکانیاندا بدەم

***

مادام تۆ هاتیت،
تا ئەبەد، بە بۆنی خۆشی تۆوە
لەوبەر ماڵی مردنەوە، ژیان بژار ئەکەم

***

نازانم، مردن، بۆ وەك قوتابییەکی تەممەڵ
بۆ ئافەرینێك،
خۆی سەرقاڵ کردووە بە ئێمەوە؟

***

کە دواهەمیین پیاسەم لەگەڵ مردندا.
بە کەنارەکانی "وجود" دا کرد
ئەوەندە بە گەرمیی لە شتەکان ڕائەمێنم
مردن بە ساردییەوە سەیرم کات

# حەفتا مەتر چوارگۆشە

ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٩
کۆڵن

بەیانیان لێرەوە سواری میترۆ ئەبم و
لە قەرەباڵغیدا شانم ئەسوێت
ئەم حەفتا مەتر چوارگۆشە ئەفسووناوییە،
سوپەرمارکێتەکانی، سەد ئەوەندەی بازاڕە گەورەکانی جیهان ئەبن
مەلەوانگەی وای تێدایە تا دڵ حەز بکات فراوان
مەیلی بینینی ئەسپە ژن و

کچانی تازە باڵقبووش وەك پشکۆ بمگەشێنێتەوە
بە شەقامە درێژەکانی ئەم حەفتا مەترچوارگۆشەیەدا ئەسوورێمەوە و
تیایاندا نائومێد نابم،
برسیم بێت، ئەو چێشتخانانەی لێرە هەن
ڕۆشنترین پایتەختانی جیهان خەونی پێوە ئەبینن،
ژنەکەم مەیلی سەیر و سەفا بکات،
بە فڕکەیەك ئەیگەیەنمە سەوزترین و بەرینترین سەیرانگا،
لەگەڵ " زەنوێر"ی کوڕما،
بە کەیفی خۆمان ئەچینە قەشەنگترین یاریگا
ئەم حەفتا مەتر چوارگۆشەیە،
سنووری بە هیچ شوێنێکەوە نییە و

لە هەموو کیشوەرەکانیشەوە نزیکە،
دیسکۆی وا نایابی تیایە،
هەرزەکاران ناویشیان نەبیستووە
بەڵام من لە ترسی ژنەکەم ناوێرم بە پەرێزیاندا بچم،
لەم حەفتا مەتر چوارگۆشەیەدا،
کەی غەریبیی " جەمال غەمبار " بکەم،
ئاوڕدەمەوە لە لای شانی ڕاستمەوە
سەرقاڵی ڕەشکردنەوەی چەند لاپەڕەیەکی تری مەنفایە،
حەز بە سەردانی گۆڕی " عەلی نەجار "ی باوکم و
" حاجی ئاسکۆڵ "ی دایکم و
" ئەنوەر و ئەکرەم "ی " عەلی نەجار " بکەم
چاو بکەمەوە،
وەك بازنەیەك لە "نور"ی خودایی، تەوقیان کردووم

***

لەم حەفتا ملیۆن مەترەدا
شەوانە خۆم مەست ئەکەم و
هەر بە مەستییش،
هەموو فەنتازیا زەرد و سوورەکانی منداڵیم
بە شانی ماندووی خۆم گواستووەتەوە ئەم مەملەکەتە تازەیە،
هەرزەکاریم، وەك کەنارییەکی ڕەنگاوڕەنگ بەم ناوەدا فڕکەی دێت
گشت هاوڕێکانم وەك مێرووله بە دوای خۆمدا پەلکێشی ئێرە کردووە و
هەموو باخچە و کتێبخانە گشتییەکانی دنیام هێناوەتە لای خۆم
سپێدان پێش خۆرکەوتن، گوڵەکان ئاو ئەدەم و
بەردەرگا ئاوڕشێن ئەکەم،
عەسرانیش، بە فێنکی ئەچمە سینەما
لەم حەفتا مەترەدا
ڕۆژی حەفتا جار لووتم ئەیدات لە بەردی ئەلحەدی تەنیایی و
حەفتا جار وەڕسبوون پێستم کەوڵ ئەکات،
حەفتا سەفەریش بە سواری کەشتیی کازیوە

لە دوای گەوهەر و مەرجانی عیشق ئەکەم
لەم حەفتا ملیۆن مەترەدا
مەیلی خوێن ڕشتنیش بکەم،
کەللەی خۆم هەڵئەگرم و
ئەچمە چۆڵەوانییەك،
بەرامبەر خۆم ئەوەستم و
دەسترێژێك نوکتە ئەنێم  بە مێژەڵاکی سەرمەوە
فوارەی سووری پێکەنینێك بە ئاسمانا  هەڵئەچێت و
هەموو شتەکان ڕەنگی خۆیان ئەگرنەوە،
لەم حەفتا مەترە سەیرەدا
هیچ شتێك بۆ تا، هەتا، ڕەنگی خۆی ون ناکات،
هیچ شتێك

# باخچەكانی وەڕسی

شوباتی٢٠١٠
ئەڵمانیا

كە بیتاقەتی،
وەك جگەرە ئەمنێت بە لێوی خۆیەوە
كتێبخانەكەم ئەگەڕێم،
پاشان هیچ ناخوێنمەوە، هیچ

***

بەم ناوەختە زەنگ بۆ هاوڕێیەك لێ ئەدەم
سور ئەزانم بەم مەستییە لێم بێزارە
كەچی ئەو دێرە شیعرانەی بۆ ئەخوێنمەوە

که خۆشم کەیفم پێیان نایەت و

به نیازم،

چەشنی شووشەی بەتاڵ، توێکڵی گوڵە بەڕۆژە،

فڕێیان دەم

***

گوێ لە هاژەی ڕژانی ″ چالاك″ ئەگرم و

″مەحوی ″ بە هەموو هەیبەتی خۆیەوە

لە تەنیشتمەوە دانیشتووە،

کەچی ئەوەندە بێ سیفەتم

کراسی ئەم بێزارییەم، ئوتووەکەی ناشکێت

***

لەوپەڕی سەرقاڵیی خۆمدا

ڕژانی ئەستێرە،

خۆ کوشتنی کچێکم بیردێنێتەوە

کە پشکۆی یەکەمین ماچ، کردی بە سەهۆڵ

***

لە جەنجاڵیی خۆمدا
چرکەیەکم ئەوێت، لە گۆڕستان هێمنتر،
ماچی غەمگینترین ژنی تیا بکەم و
ڕانەچڵەکێت

***

کە ویستت لە داخی نەهاتنی یار خۆت بکوژیت
بێ دوو دڵی، بە چەپکێ گوڵەوە
لە جێژواندا مەجووڵێ
مەرگی دڵدار،
بە ڕەونەقترین تابلۆیە
لەو ساتەیدا، کە چاوەکانی بەسەر ڕێیەکەوە ئەبڵەق بوون

***

ڕۆژێك دێت ئەوەندە پەپوولە ئەبارێت

ڕێی چوونە لای یارم نامێنێت،
ئەو ڕۆژە، نە، ئەو گازندەم لێ ئەکا و
نە، منیش نیگەرانی دام ئەگرێت
هەردووکمان ئەزانین
عیشق ئەبێت جار جارێ پشوو بات

***

هەمیشە خوداوەندێك و ئافرەتێکم خۆش ئەوێت
خوداوەند
لە ترسی عەزاب و
ئافرەتەکەش،
بە خاتر بەهێی بۆنخۆشی میهرەبانییەکەی

***

چالاك: مەبەست لە هونەرمەندی نەمر "ڕەفیق چالاك"ە

# چیتر بە دزیی خوداوەندەوە نامرم

ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ٢٠١٠

ئەو دەمەی، تەنیا بستێك
لەولا ترپەی دڵمەوە،
بە ڕووێکی گرژەوە ئەیبینم و
ئەزانم چیدی،
مەحاڵە ڕووخسەتی ئاوڕدانەوەیەکی ترم بدا،
ئەو ساتە دژوارە، بە تکاوە پێی ئەڵێم
مردن، کەمێك ئەم ناوە چۆڵ کە،
هەنگاوێك بچۆرە دواوە.
ئەمەوێ لەبەر هەتاوا ئەو ژنە ماچ کەم،

گەرەکمە، کە مردم،

تۆ لەوبەرەوە بوەستیت،

فێری ڕامووسان و فێری مەرگی بە ویقار بیت، لە منەوە

ئەو ساتەی هەر خۆم

بە سەروقژە خۆڵەمێشێکەیەوە ئەیبینم

ڕەنگە لە گەرمەی شەڕی مەینەتییەکاندا بم،

سێرەی تفەنگم لە حوزن گرتبێ

بە زاری پڕگلەییەوە، پێی ئەڵێم

تۆ، کەی تەرکی ئەم گەمەی غەدرە ئەکەی؟

نابینی، لە شەڕی مان و نەماندا

تا نێوقەدم لە خوێنی عومری خۆما سوور ئەچێتەوە؟

نابینی، شمشێرم بە تەنها باڵی خۆم ئەشکێنێت؟

ڕاوەستە

بزانە تۆ تا ئێستا بینیوتە،

هێند شیرین، کەس بمرێت؟

بیستووتە کەس هەبێت،

ڕۆژانە لە سێبەری ڕەنگپەڕیوی گۆڕێکا ڕاکشابێت و

نێوچەوانیشی بۆنی ڕێحانەڕەشەی ئەوینی لێ هەستێت؟

تۆی گەڕۆك، لە هیچ دیارێك

پاسەوانی وات بەرچاو کەوتووە

بەردەوام، لەمدیو نا،

لەودیو شیشەکانی زیندانەوە پرخەی بێت و

لە خەونیشدا ورتە ورت لەگەڵ ژیانا بکات؟

ئەچێت بە ئەقڵتا

بۆ دڵدانەوەی تووتەڵە سەگێکی بزر

شاعیرێکی وەڕس، لەسەر چوارپەل بچێتە کۆڵان و

بەزمانی ئەو،

ورد ورد گۆرانیی بڵێت و  حیکایەت بگێڕێتەوە!؟

بەلاتەوە سەیر نییە، ئەی مردن

بابایەك مابێت

زستاناوادە، من وام

چیتر بە کەڵکی خۆم نایەم و

چیتر ئارەزووی ئەوە ناکەم بە دزیی خوداوەندەوە بمرم

ئیتر ئەوە منم و

پەرتەوازەبوونێکی عەنتیکە،

منم و سەراسیمەیی

ئەوە منم، لێم مەگرە هەرچیم وت و

چۆنیشم ئەبینیت، ئازاد بە،

من لێرەوە شۆڕ ئەبمەوە،
لەم مەملەکەتە تەریکەوە
لێرەوە کە چۆڵترین ڕێ و
خامۆشترین هەوار و
ساکارترین ئادەمیزادی لێیە،
لێرەوە، کە تەنها ڕووبارە هێورەکان ڕێیان تێی ئەکەوێت
کە ئاسمان بەردەوام لە نێو پێخەفی سامالآ
بە کراسێکی تەنکی شینەوە خەوتووە و
خەونی سپی، بە قسەی خۆشەوە ئەبینێت،
هەر لێرە ئەمبینیت، بە دیار داڵغە سەیرەکانەوە
دوور مەڕۆ، وام لەمبەر
لە ژێر سایەی شۆڕەبییە کەنەفتەکانی تۆدا
سادەتر، لە عاشقبوونی کچێکی هەرزەکار،

کراوەتر، لە دڵی زارۆیەك لە یەکەم شەوی جەژنـا،
غەمبـارترم لە ڕووخساری شۆڕەـ ژنێکی ئـازیز مردە
هێمنتریش لە پێکدادانی بـاڵی پەروانە
دڵنیـام ئەمنـاسیتەوە،
دڵنیـام مـاندوو نـابی بە دەستمەوە،
من، بەس گوێ لە پاڕانەوەکانی خۆم ناگرم و
حساب بۆ فرمێسك و داڕزانی گلێنەکانی خۆم ناکەم،
بەر نەفرەتی ونبوون و پەرپووتیی خۆم کەوتووم،
بەر نەفرەتی ساکاریی خۆم و
دڵڕەقیی ئەوان
دڵڕەقیی و بێ مروەتیی ئەوان

# به چرای درۆیەکەوە دیدەنیم کە

کانوونی یەکەمی ٢٠١٠

کۆڵن

بە سروەی جوانترین درۆی خۆت،
گەمارۆم بدە، ئەی ئیحساسی نەگریسم،
بۆ ئەوەی لە هەر چوارلاوە گوڵان بێنەوە دیدەنیم
موحتاجی هەتاوی ڕەونەقدارین درۆی تۆم
تا وەك تاڤگە،
سپی، سپی، چریسکەم بێ و
چەشنی لاولاو،
سەوز سەوز، سەرقاڵی پەلهاوێشتن بم؛
پێم بڵێ وا نییە،

پێم بڵێ، ئەوەی تۆ ئەیبینی، خەونی بزڕکاوی سەرخۆشێکە،
ئەوەی ئەیبیستی،
تەنها زرنگانەوەی بێ مانای گوێیەکانتە لە شەقامێکی چۆڵ و هۆڵدا؛
بەرهەیوانی دڵم،
بە ئینجانەکانی کامەرانیی بڕازێنەوە و
هەڵمخەڵەتێنە بە لیمۆی مزری درۆیەکی مەکرباز
پێم بڵێ، ئەو هێشتا لێرەیە،
هێشتا لێوی بەسەر زامی وەڕسبوونەکانی تۆوە سڕ بووە
پێم بڵێ تۆ زۆر گەمژەیت و
کەناری بێبڕستی خەونەکانت
بستێ لە هێلانەی ڕووتەڵەی سەرت دوور ناکەوێتەوە
بە درۆیەکی سادەش بێ، بە منی خۆشباوەڕ بڵێ

که نیوەی گیانم زیاتری، لەسەر ئاگردانی وەهمە
دەنا زۆری ماوە کریستاڵی شکۆی ئومێدم وردوخاش بێ
بمخەرە بەر ڕێژنەی درۆی خۆش
با، تەڕ تەڕ بڵێسەم بەرز بێتەوە، ئەی ئیحساس
ئەگەر من کەسێکی بەهەشتیی بوومایە
ئەوەندە پێشبینیی تاریك و ختوورەی خراپ
وەك مێرووڵە لەشاری دڵمەوە ڕێچکەیان نەئەبەست،
ئەگەر من، فریشتە نوێژی لەسەر داوێنم بکردایە
چ ترسم لە دڵەڕاوکێ و
خوێندنەوەی لاپەڕە چرچ و لۆچەکانی سبەی ئەبوو

خۆت بکوژە و
من بێنەرەوە سەر هێڵە ساکارەکانی ژیان،
خۆت بکوژە و
قەناعەت بە من بهێنە،..
ئەوەی بە چاوی تۆ ئەیبینم
چ نییە، لە تارماییی پیربوونی خۆم زیاتر
گەرەکم نییە لە سندووقە پڕ نارنجۆکەکانی سبەی نزیکم خەیتەوە و
ئەو هاوارە پەژمووردانە ،
نامەوێ لە ئێستاوە چاو بکەم،

که سبەی لە دەمی تەڕی زامێکمەوە بەرز ئەبنەوە
ئەی ئیحساس،
تۆیت بکووژی ڕەوە جوانووی ناو پاوانەکانی ئاسوودەییم،
لێم تەوەللا بە،
دەنا بە سەوزی هەڵئەپڕووکێم،
بە وشکی، خوێنم چۆڕاوگە ئەبەستێ،
بە ڕۆژی نیوەڕۆ، دەست ئەگێڕم بۆ چرا

# ڕژانێك، ساكار وەك كانی

تەمووز و ئابی ٢٠١١
كۆڵن

هیچ شتێكم  قبووڵ مەكەن،
بەخشندەیی نەبێت، بەخشندەیی

***

كۆكردنەوەی خوێنی پەڕەسێلكەیەكی پێكراو
بەر لەوەی بەربێتەوە سەر زەوی،
میهرەبانییە، میهرەبانی

***

زۆر ناڵێم،
دڵنیام، كەسێك خەو بە بێدەنگییەوە ئەبینێت

ژنێك، لە گەرمەی شیعرنووسیندایە،
وااا‌و، چ سروەیەك هەڵی کرد

***

بۆ ئەوەی ئەڤینم، لای ئەو ڕەنگی نەبزڕکێت
گەلۆر، گەلۆر، خوێنی گوڵێکم کردە کاسەوە

***

ڕەق ڕەقم وەك بەرد،
لە چاوتروکانێکیشدا،
لە پێخەفی ژنێکا، ئەبم بە هەڵم،
منی پیاو

***

کە سەرگەرمی ڕاڤەکردنی خۆم بووم
ئەوە سوور بزانە مەبەستم تۆیە،

که بە تاسووقەوە قسەت کرد
هەرچی بڵێیت، دڵنیام باسی من ئەکەیت

***

سەبرم لێ بکە
با فریاکەوم هەموو خۆم بێمە لات،
هەموو خۆم
بەدەر لە نیگەرانییەکانم

***

پیری، هەڵکشانی لاولاوەکانی بیرچوونەوەیە
بە دیواری کۆڵانە قەموورەکانی مردنا

***

هیچ کەس هێندەی من و خوداوەند دڵی یەکیان نەڕەنجاندووە

***

کە تیا ڕاکشام،
گرنگ ئەوەیە نایبینم، ئەو دارەمەیتە

***

کە مردن وەك بلوور ئەمکێشێ بە شۆستەیەکی چۆڵا،
خۆکوشتنێك قەرزار ئەبم

***

لە چایخانەیەکدا،
بەدەم فڕکردنی خەیاڵێکی خەستەوە،
بە کاوەخۆ، ژیان ئەکێشم

***

بیرکردنەوە، بیرکردنەوە، بیرکردنەوە،
تەخت و تاراجی بەختەوەریمی برد بە ئاسمانا

***

بڵاوم کەنەوە وەك ئاردی ناو دڕك،
ئاخر، من چیم لە خڕکردنەوەی خۆم سەوز کرد؟

***

جێهێشتن،
واتە گورجکردنەوەی هەنگاو
بۆ سەرەتای ماڵئاواییکردنێکی تر

***

خەون،
خەریکە، کەوشەنەکانی حەقیقەتم لێ ئەکا بە بەستەڵەك
گرێکوێرەم و
بە دوو قسەی خۆشیش ئەکرێمەوە

***

باری کەشتییەکەم.
شووشە تەنکەکانی خەیاڵە
ئەبێ چەندیان بە ساغی بگەیەنمە کەنار؟

# من خەون دامئەکیرسێنێت

ئەیلوول و تشرینی یەکەمی٢٠١١
کۆڵن

**١**

کە ئەچمە سەیری گوڵانیش،
خەون، بە مووررووی داگیرساوی چاوانی خۆیەوە
ڕێگەم بۆ تریفەڕێژ ئەکات و
هەر ئەویش پێم ئەڵێت کام باخچە میوان ڕائەگرێت
بەرلەوەی، بە شەراب وشکەساڵی پەرداخێك ئاڵ بکەمەوە
هەر خەونە، پەنجە ئەخاتە سەر ساتەکانی مەستبوونم و
پێشبینیی هەڵکردنی ڕەشەبای وڕێنەکانیشم ئەکات،
خەون، وەك زەنگی کڵێسایەکی نزیك وە ئاگام دێنێت و

پێم ئەڵێت، کەی و لە کوێ
ژنێکی مەنگ،
بە دیار چرای ڕووخۆشی ژوانێکەوە چاوەڕێمە و
کەی، تارماییی ناس و ئەجناسیش لە هیچ دیارێك نابینم
من پەشیمان نیم لە ئاڵوودەبوونم
بە شەرابی کۆنەساڵی خەونەکانمەوە،
خۆم، لە یەکەم چرکەساتی گەشانەوەی پشکۆکانی بیرکردنەوەوە
هەموو گۆزەی نهێنییەکانم بە پڕی،
لە ژێرخانی ئەودا جێهێشت،
تکایە ئەو هەڵەیە مەکە داوای بێداربوونەوەم لێ بکەیت
لێرە،

نە، دڵڕەنجاندن و

نە، پێکرژاندن و

نە، مەرگی موفاجات هەیە

من لەم دەڤەرە تەڕوبڕەدا،

سەرمەستی ڕاوە بارانی خەونم،

چیم داوە لە پیاسەی ئەو کەنارە وشك و برنگانەی

هیچ هەتاوێك، لە دڵەوە لە سەریان ڕاناکشێت

بەقەدەر خوداوەند سەرقاڵم،

ئەو، سەرگەرمی تەماشاکردنی

شەڕی مەخلووقە دزێوەکانی و
منیش ئاودانی گوڵە جەهەنەمییەکانی بەهەشت
هێندەی خوداوەند، هەم دڵشاد و هەم دڵشکاو
ئەو، کامەرانە بەوەی
ڕۆژێك، هەموو ڕۆڵە نالەبار و نوورانییەکانیشی،
لە حزووریا سەف ئەبەستن،
من شادمان بەوەی  تابوورێك خەونی زیتەڵە
تەنیاییان قەرەباڵغ کردووم
ئەو، غەمبارە بە لاسارییەکانی بنیادەم و
منیش مات و سەرکزی
بەتاڵبوونەوەی خەونێکی تازە پێڕەوکەم

٢

بە دوو باسکی ئاوەڵاوە،
ئاوەڵا، وەك پەنجەرەکانی خۆشەویستیی،
خەونە پەرتەوازەکان کۆئەکەمەوە و
بە نەغمەی سەرزەنشتیشەوە ئەڵێم:
ئەی خوێنڕێژ،
چ نەبێت، وچانێك
خوێن، ڕەنگی پەرداخ و
خوێن، تامی شەرابیشی گۆڕی

خوێن، ڕووخساری خەون و

خوێن، شەربەتی خەیاڵی شلوێ کرد

ئەی خوێنڕێژ، پێ ناچێت

تۆ، بۆ جارێکیش لە پاڵ دار هەناری خەونێکی بۆنخۆشا

چاکەتی خۆڵەمێشیی سێبەرێکی پۆشناخت دابێ بە شانتا

بۆیە هەمیشە ناوی شمشێرت زیاتر لە زکری خوداوەند لەسەرزارە

لە جێی گمە، گمی سترانیش،

لەبەر خۆتەوە ڕیتمەکانی مردن ڕیز ئەکەیت و

نۆتەکانی دابڕان ئەژەنیت،
ئەی خوێنڕێژ، سەر و ژێری بیابانی زاکیرەت تەی کەیت
دڵنیام جیٚ ماچی خۆت لەسەر لێوی ئافرەتێك نابینیتەوە و
چرپەی ژنێك لە هیچ کەلەبەرێکی وجووتدا نابیستیت،
دەنا چ گرێبەستێکت لەگەڵ خوێندا مۆر نەئەکرد و
ڕێت نەئەدا ،
ئەستێران، بە قەتارە سەری نائومێدی لە ئاسمانەکەت هەڵگرن
ئەی خوێنڕێژ،
پڕ بە دەنووکی پاسارییەك لە هەنگوینی خەونەکانی مەستی و
خەونی سەفەرە هێورەکانی عیشق و دەریا، بخۆرەوە
لە ڕۆحتا وەرزی پشکووتنی پەپوولە دەست پیٚ ئەکات
لە چاوتا، وادەی باڵگرتنی نەورەس
ئەی خوێنڕێژ

# ئەستێڵە ڕوونەکانی تەنیایی

کانوونی یەکەمی ٢٠١١

ئەڵمانیا- کۆڵن

بە تەنیا  لەو دەریایە ئەپەڕمەوە
کە کەشتییەکانی ئێوەی
بە هەموو سەرنشینەکانەوە تیا سەرنگووم بوون

***

تەنیا باڵم و
لە پشتی هەورەکانیشەوە دەنگی فڕینی خۆم دێتە گوێ

***

تاك و تەنیایە، خوداوەند
ئەی ئێمەی سەرگەردان  چیی ئەوین؟

***

خوداوەند تەنیاییی لێ داگیرکردین،
وای زانی بێ ئاگاین لە کوێ لێی شاردووینەوە

***

خوداوەند بۆ تەنیا جێت هێشتم؟
مەسیح وای وت،
خوداوەند تەنیا جێم بێڵە،.
من وا ئەڵێم

***

سەفەرێك بە تەنیا، سەفەرێك لەگەڵ ئەو،
یەکەمیان بە تامی گێلاس و
شەربەتی گێلاس، دووەمیان

***

دەستم لە هەموو شتێك شوشتووە و
لە دوا کۆنسێرتی تەنیاییدا.

لە کورسی پێشی پێشەوە
بێدەنگترین گۆرانیی غەمگین، پەڕ و باڵم ئەکات

***

ئەوەی حەرەمی تەنیاییم بشکێنێت
هیچ نوێژێکی قبووڵ نییە

***

دڵێك باس لە میواندۆستیی تەنیایی ئەکات
تەنیایەکیش هەیە، لەو دڵە زیاتر، سەبووریی بە کەس نایەت

***

وەك ڕیشۆڵەیەکی دڵتەنگ
بەسەر دارتێلی چاوەڕوانییەوە تەنیا جێم هێشتیت
بۆ ئەوەی بە تاعوونی خۆشەویستی دات نەڕزێنم

***

ئۆتۆمبێلێك بە لاتانا تێ ئەپەڕێت،
تەنیایی، وەك دووكەڵێكی سپیی لێ بەرز ئەبێتەوە،
منی تیام، من،
بە دەماخێكی بەرزەوە

***

خۆر و زەوی،
كامیان بە دەوری كامیاندا بخولێنەوە، كێشە نییە،
گرنگ ئەوەیە، كێ لە داڵغە لێدانی تەنیایی سەر دەر ئەكات

***

لە گەرمەی سەرقاڵییما
لە كاریلەیەكی دایك مردوو تەنیاتر، غەم ئەمباتەوە

***

سەعاتەكەم، هەموو ڕۆژێك

لە کاتژمێر سفری تەنیاییدا بە ئاگام دێنێت و
خۆی ئەخەوێت

***

لە باشووری تەنیاییەوە،
بۆ باکووری بێزاری،
ئەو هێڵی شەمەندەفەرە بە کەیفی خۆی ڕاکشاوە

***

ئەترسم تەنیایی وەك گێژەڵووکە هەڵکات و
هەموومان بکاتەوە بە یەك

***

ئێوارەیەك، قۆڵ لە قۆڵی تەنیاییدا
بە دەم جگەرە کێشانەوە.
هەست بە ترپەی دڵی مردن نەکەیت

پێت ناکرێت بۆنی هەناسەکانی یار بناسیتەوە

***

ڕادیۆی سەر قەراغی ئەو حەوزە

جار جار بە دووکەرتبوونی ڕۆحی کەمانێك و

تاو تاویش بە کورتەی هەواڵەکان تەشقی تەنیایی ئەشکێنێ

***

وەك ڕووخۆشترین تەنیا

ناوم ئەچێتە کتێبی "گینس"ەوە

***

بەو تاقی ئاسمانەوە،

پەڕەسێلکەیەك، تەنیاییی کۆلارەی ئەو منداڵە شلوێ ئەکات

***

که ڕێماندا باران هەموومان وەك یەك تەڕ بكات و
هەتاو وەك یەك پۆشتەمان كاتەوە.
ئیتر تەنیایی ئەبێتە بڵقی سەر ئاو

***

تەنیاییم، لە تاوس ڕەنگینتر خۆی گۆڕیوە

***

هەموو شتێك ئاوسە بە تەنیایی،
تەنیاییش دووگیانە بە هەموو شت

***

ئەوەی دوا مستە خۆڵ ئەڕێژێت بە سەرمانا و
تەنیاییمان جێ ناهێڵێت،
تەنیاییە. تەنیایی

# زۆر منداڵانە

کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠١٢
کۆڵن

١

وەکو دەفتەری ماتماتیک
بە خواروخێچی لێت ئەنووسم،
ئەگەر هێندە فەرامۆشم کەیت

***

بە قەدەر پێڵاوە تازەکانم خۆشم ئەوێیت

***

لە یەکەم بەیانیی جەژن زووتر وەئاگا دێم
بۆ ئەوەی زیاتر بیرت لێ بکەمەوە

***

وەك جووجەڵەكەم، كە مردیت
هەر بە جلەوە ئەتنێژم

***

حەز لە كچە دراوسێكەمان ئەكەم و
پێی ئەڵێم،
كەرەگیان لای كەس قسە مەكە

***

دەست ئەنێم بە جەرەسی دەرگاكەتانا و هەڵدێم،.
كە بزانم بە پشكۆی هیچ خەونێكی خۆت نامتەزێنیت

***

لە دوورەوە جانتاكەم فڕێ ئەدەم و
نامەیەكم لە سەرە بۆ تۆ

شەو ئەینووسم

***

تۆ، زۆپای حەکایەتم بۆ هەڵئەکەیت و

منی قسە زلیش

بە دەم خۆ گەرم کردنەوەوە ئەڵێم:

منداڵیم لە پیریم خلاویتر بووە

***

بنێشتێکی سەهم ئەدەمە دەنکەکەم

ئێوارە کە ئەڕۆمەوە،

پارەکەم نوقسانە، وای

***

بە دزییەوە جگەرە ئەکێشم و

لە ئاودەستی مزگەوتەکان ئەنووسم، ئاخ کچەکە

***

ئاو بۆ میوانەکان ئەگێڕم،

لەتاو تۆ، پیاوەکان ئەپەڕێنم

***

بە قرچەی نیوەڕۆ، شارە زەردەواڵە ئەورووژێنم،
زەردەواڵەی ئارامبەخشی خۆشەویستیت

٢

لە قووڕاوەکە ئەدەم، تاکێك جزمەم جیّ ئەمێنێت و
پڕ بە کۆڵانیش گۆرانیی "چەند شیرینە لام"، ئەڵێم

***

دەغیلەیەکی بچکۆلە دروست ئەکەم،
ناشهێڵم تا ئەبەد پڕ بێت لە هیچ

***

بە دارلاستیکێکەوە

لە مەجلیسی پیاواندا، گڵۆپی "سوڵح" هەڵئەکەم

***

جووتێك پێڵاوی تاکەوتاك؛
یەکێکیان، بزمارە درێژەکانی جەنگ و
ئەوی تریان
ئەمباتەوە سەر شەوە ڕۆشنەکانی بەرات

***

ئەچمە سینەما، فلیمێکی ڕووت، ڕووت، خۆش، خۆش
کە بۆم گێڕانەوە پڕی ئەکەم لە شەڕە تەقە

***

بە دیار فڕینەکانی "میکی ماوس"ەوە،
بێ ئاگا، پەلکە ڕزیوەکانی سیاسەت لە تەنیشتم بەر ئەبنەوە

***

بە سواری پاسکیلێکی کرێوە،
"ئێستا" ئەکەم بە ژێرەوە

## له هەر زامەی خوێنێك

نیسان و مایسی ٢٠١١

دەستم لەسەر دڵمە
هاکا، ئافرەتێ بێوەژن کەوت و
دایکێك تاریك داهات

***

چیرۆکێك ئەگێڕمەوە
نە سەرەتای هەیە، نە کۆتایی
چیرۆکێك، دەربارەی سەرەتا و کۆتاییی ئازارەکان

***

دڵم هەر لای ڕەنگی ڕەشە
دڵم بەو ڕەنگە ئەکرێتەوە
کە لە وەتەی هەیە حساب بۆ شعووری ناکەین

***

ژنانە، باسی خۆیم بۆ ئەكات، ئەو
پیاوانە گوێی لێ ئەگرم، منی قرخن

***

ڕستەیەك ئەڵێم، زۆر سادە:
عیشق و پەراگەندەیی،
عیشق ومردن، لە یەك دەرگاوە هامشۆ ئەكەن

***

دەروویەك ئەدۆزمەوە،
هاتوچۆی كەسی بە سەرەوە نەبووبێ
دەروویەك، ڕێك بچێتەوە سەر یەكەم دەروازەی دۆزەخ

***

شوێنێك بۆ ژوان هەڵئەبژێرم، لێی نوسرابێ
میزکردن لێرەدا پیشەی حەیوانە

***

لەوەتەی بیرمە ،
پەی دەرپەی دۆڕاندنەکانت لێ ئەبەمەوە، ئازیزم

***

کە ماچم کرد
بۆ سبەینێ لە لای ئینجانەی عەترەکانەوە چاوەڕێی ئەکەم

***

کە ڕۆژێك نەکرا بیبینم
لەو هەموو حەشاماتەیا،
پاڵ ئەدەم بە تەنیاترین سێبەری غەمگینەوە

***

زۆر لەو بەختەوەرترم

چونکە، یەکبینە من چاوەڕێی ئەکەم

***

دوکانێك لە سیلەی ناموورادییا دائەنێم،

پێکەنین، بە جوملە هەراج و

فرمێسك، بە دانە ئەفرۆشم

***

ژیان قۆڵی بڕیم، پێی وتم:

تۆ وەرە، ئەتبەم بۆ سەیران

***

زەنگێکم بۆ بەهەشت لێ دا
ئیبلیس وەڵامی دامەوە

***

ساڵی، ٣٦٥ جار،
شەو، زنجیری پانتۆڵەکەی ئەکاتەوە و
ڕۆژ ئەکووژێنێتەوە
کەچی ساردی ناکەوێتە بەینیان

***

لەو ڕاستە شەقامە لە خۆمەوە سەرسم ئەدەم،
نەخوازەڵا پردی سیرات؟

***

له ۱/۱/ ۱۱۱۱دا له دایك بوومایه
حەزم ئەكرد له ۲/۲/۲۲۲۲ دا بمرم

***

خەمی ماڵئاواییی ئەوانم نییه
گرنگ ئەوەیه
برینێكیان به ئەڵقەرێزی دڵمدا هەڵواسیوه

***

ڕەنگڕێژم کە بە ڕق،
لێوڕێژ بە خۆشەویستی،
بۆ ئەوەی سەر لە هیچ دەرنەکەم

***

هاڕەم کرد،
وەك شووشە پەرش بووم
کە گسکیان دام،
خۆمیان لە بیر کرد، کۆم کەنەوە!

## به سادەیی

کۆڵن ٢٠١٢

ڕۆژ نییە، سەری بەرزمان بۆ پێڵاوەکانمان دانەنەوێنین
هەمووومان

***

قۆپچە نەبێت
ئابڕوومان، لەم مەملەکەتەدا
وەك پووش برنج، "با" ئەیبات

***

گۆڕەوییەکانمان، بە تایبەتیی زستانان
هاوڕێی تەنگانەن

***

سەیرم لە دڵفراوانیی تەنەکەی خۆڵەکەمان دێت

***

سوپاس بۆ مەسینە،
هەموو ڕۆژێك عەورەتمان ئەبینێت و بێدەنگیشە

***

دەرگای حەمامەکە دانەخەین، قیامەت ڕووئەدات
کەواتە، بژی دەرگا

***

کەری نانە وردەکە،
نەیدەهێشت ماڵمان پڕ بێت لە کەڕوو

***

پینەی پێڵاوەکانمان وەك پاڵەوانێکی بە ئەزموون
لەگەڵ زستان لە شەڕدا بوو

***

زۆر نزیك و خەمخۆر و نهێنی پارێزە
دەرپێ

***

لە چاوی ″زەرف ″ی بناسن،
کە میوەکان بە ساغی ئەگەنەوە ماڵ

***

گیرفان، ژوورەکانی خۆیی نەداینایە بە کرێ،
ئێوە بڵێن، چی ڕووی ئەدا، چی؟

***

مەگەر جانتا خۆی بزانێت
داڵدەی، چەند کیژۆڵەی،
ڕاونراوی نهێنییەکانمانی داوە

***

زێراب، ئەم گوڵی سەبرەی لە کوێ هێناوە
لە بۆنی ئینسان بێزار نابێت؟

پێڕست


که ئەچمەوە بەقەد خەمێکی نوێ ئەبم، هێندەی شادییەکی دێرین ........ ٥
دووکەرتبوون ........................................................................................ ١٤
نیشتیمانێك، مات وەکو خۆم ..................................................................... ١٨
حیکمەتەکانی شەوێك ................................................................................ ٢٤
شەوێکە شەبەنگ، شەوێکە دەیجوور ....................................................... ٢٩
یانزە فڕین بە باڵێك .................................................................................. ٣٤
دوور لە گڵکۆکەی دایکمەوە، خەیاڵات ..................................................... ٣٩
تەمێك لە ڕەنگی خۆم، خۆمێك لە ڕەنگی تەم .......................................... ٤٦
بەسەر نەرمەگیای عیشقا، ڕەوتێك ............................................................ ٥٥
تەونی مردن ............................................................................................... ٦٠
حەفتا مەتر چوارگۆشە ............................................................................... ٦٤
باخچەکانی وەڕسی ..................................................................................... ٦٩
چیتر بە دزیی خوداوەندەوە نامرم ............................................................٧٣
بە چرای درۆیەکەوە دیدەنیم کە ................................................................٧٩
ڕژانێك، ساکار وەك کانی ........................................................................... ٨٤
من خەون دامئەکیرسێنێت ...........................................................................٨٩
ئەستێڵە ڕوونەکانی تەنیایی .......................................................................٩٦
زۆر منداڵانە ...............................................................................................١٠٣
لە هەر زامەی خوێنێك ..............................................................................١٠٨
بە سادەی .................................................................................................. ١١٥